سودانی: گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی مێژوویی بۆ هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بۆری نەوتی عێراق-تورکیاوە

ئەمڕۆ پێنجشەممە سەرۆک وەزیران محەمەد شیاع سوودانی رایگەیاند گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی مێژوویی بۆ هەناردەکردنی نەوتی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بۆری نەوتی عێراق - تورکیا.

سەرۆک وەزیران لە پۆستێکدا لە پلاتفۆرمی (X) نوسیویەتی: "ئەمڕۆ گەیشتینە ڕێککەوتنێکی مێژوویی کە بەپێی ئەو ڕێککەوتنە وەزارەتی نەوتی فیدراڵی نەوتی خاوی بەرهەمهێنراو لە کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان وەردەگرێت و لە ڕێگەی بۆری عێراق - تورکیاوە هەناردەی دەکات".

لەدرێژەی نوسینەکەیدا هاتووە: "ئەمە دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان و هەمەچەشنکردنی دەروازەکانی هەناردەکردن، و هاندانی وەبەرهێنان مسۆگەر دەکات، کە دەستکەوتێکە بۆ ماوەی 18 ساڵ چاوەڕێمان دەکرد.